چوارچێوەی هەماهەنگی دانوستانەکانی حکومەت لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەرز دەنرخێنێت

ئەمڕۆ پێنجشەممە، چوارچێوەی هەماهەنگی هێزەستی حکومەتی لە دانوستانەکانی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەرز نرخاند.

چوارچێوەی هەماهەنگی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: پێشوازی لێو بەیاننامە هاوبەشە دەکات بەمەبەستی دەستپێکردنی ئێو گفتوگۆیەی کە دەبێتە هۆی کشانەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دوای کۆتایی هاتنی ئەرکەکەی و هاوکارییەکانی بە عێراق لە شەڕی دژی داعش.

ئاماژەی بەوەشدا: لە کاتێکدا پاپشتی کەمەگەی نێودەوڵەتی بە عێراق بەرز دەنرخێنێت لە شەڕی دژ بە تیرۆر، هێزەها پیرۆزبایی لە هەوڵە مەزنەکانی هەموو هێزە نیشتمانییەکان کرد بە ڕەبەرایەتی حکومەت بە درێژایی ماوەی ڕابردوو بە دەستپێکردنی دانوستانەکان لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە دووبارە دارشتنەوەی پێیوەندییەکانیان بە شێوەیەك کە مافەکانی عێراق و سەروەری و ئاسایش و سەقامگیری بپارێزێت.

هەروەك جەختیکردەوە، لە گرنگی داشتنی خشتەیەکی کاتی دیاریکراو و ڕوون بە ماوەی بوونی ماوەژکارانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق و دەستکردن بە کەمکردنەوەی ژمارەی ماوەژکاران لەسەر خاکی عێراق.

تەئکیدیشیکردەوە: لە پشتیوانی تەواوی خۆی بە گواستنەوەی پەیوەندییە دووقۆییە هەمەلایەنەکان لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری، ئەمنی و سەربازی بە شێوەیەك کە لەگەڵ دیدگای حکومەتی عێراقدا بگونجێت و بەشداری بکات لە باشترکردنی سەقامگیری ناوخۆیی و پاراستنی ئاسایشی وڵات.

هەروەها چوارچێوەی هەماهەنگی ستایشی، پابەندبوونی حکومەتی کرد بەو بابەتانەی کە لە بەرنامەکەیدا هاتووە، کە بریتیە لە گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوپەیمانی نوودەوڵەتی و پەناسەکردنەوەی بوونی و پێویستی، و تەئکیدی لە متمانەیەکی باڵای خۆی بە پەکهاتە ئەمنییەکان لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری عێراق کردەوە.

هاوکات چوارچێوەی هەماهەنگی داوا لە هەموو هێزە چالاکەکان دەکات، وەبەرهێنان لەم دەستکەوتەدا بکەن و دەرفەتێك بە دانوستانی عێراقی بدەن و کاریگەری لە کەش و هەوای گفتوگۆی دوو قۆڵی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانان نەکرێت.